## گواستنەوە لە ڕۆڵی شۆڕشگێڕییەوە بۆ چەتایەتی (جاشایەتی)
## کوردستان / عێراق وەك مۆدێل

ئەیووب بارزانی

**This article has been “translated” into Kurdish.**
**To see the original article written in Arabic by Ayoub Barzani please see the below link:**
**https://kcdme.com/Ayoub%20Barzani%2020.03.2024%20in%20Arabic.pdf**

**پڕۆژەی میراتی شاراوە !**

**بەدرێژایی ماوەی نێوان ساڵی 1961–1970 دوولایانی کوردی دژ بەیەك هەبوون، پێشمەرگە لەلایەك و جاشیش لەلایەکی دیکە، لایانی یەکەم هەموو رواڵەتەکانی پیاوەتی وازادپەروەری و شەرەف و نیشتیمانپەروەری و قوربانیدانی لەخۆگرتبوو لەپێناو مافی نەتەوەی گەلی کورد، دووەمیشیان تاونباربوو بە بەکرێگیراویی و خیانەتکردن و لەدەسدانی شەرەف و کەرامەت لەپێناو چەند پارەیەکی کەم.**
**مەلا مستەفا سەرکردەی لایانی یەکەم بوو، مەحمود ئاغا زێباریش سەرکردایەتی لایانی دووەمی دەکرد لەگەڵ زوبێری کوڕیی و هێزەکانیشیان پێکهاتبوو لە ئەندامانی خێڵی زێباری.**
**ئەوەی جێگای باڵێش٥ مەلا مستەفا سەرکردەی پێشمەرگەکان کچی مەحمود ئاغا زێباری سەرکردەی جاشەکان هاوسەری بوو.**
**شەڕێکی سەخت لەنێوان هەردوولا بەرپا دەبوو، قوربانی دەکەوتەوە و لادێ و کێڵگەکان بە شێوەیەکی وەحشیگەرانە دەسوتێنران و وێراندەکران بەدرێژایی چەندین ساڵ.**
**لەو سەردەمە پەیوەندیکردن بە بەرەی جاشەکانەوە شەرمەزاری و ئابڕوچوون بوو لە دیدی گەلی کورد.**

**مەلا مستەفا بەنهێنی پەیوەندی لەگەڵ خەزوری هەبوو، بە ئاشکراش لەبەردەم پێشمەرگەکان چوێنی پێدەدا.**
**مەلا مستەفا تەمەنی حەفتا ساڵ بوو کاتێك واژۆی لەسەر بەیاننامەی 11 ی ئازار کرد لەگەڵ سەدام حسێن، وەکو قارەمانێکی نەتەوایەتی لەقەڵمدرا کە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا ئۆتۆنۆمی هێنایە دی، بەهۆی قوربانیدانی گەلی کوردەوە، بە ڕێزەوە باسی لێوەدەکرا و بەشان و باڵیدا هەڵدرا، بەمەدح و سەنا و گۆرانی کە زیادەڕەویەکی زۆری تیابوو.**
**لەراستیدا بە واژۆکردنی بەیاننامەی 11 ئازار 1970 سەدام حسێن بە هێورکردنەوەی بەرەی کوردی بو ماوەی چوار ساڵدا، بە ئامانجی خۆی گەیشت ، دەستکەوتنی کاتی پێویست بۆ بەهێزکردنی ڕژێمی بەعس کە لە ناوەوە هەڕەشەی داڕمانی لەسەر بوو.**
**سەدام حسێنی گەنج تەمەنی 33 ساڵ بوو، بە دوو ڕێگا ئارامیەکەی دەقۆستەوە: بە لەناوبردنی ئەو چەکدارانەی گومانی هەبوو لە دڵسۆزیان لە ریزی سوپا و پۆلیس و دەزگا ئەمنیەکان و هەموو جومگەکانی دەوڵەت و بەبەعسیکردنیان، هەروەها پیلانگێڕی دەکرد دژ بە سەرکردایەتی کورد و هەندێك لەسەرکردەکانی دەکڕی و سیخوڕی دەخستە نێو ریزەکانی بزووتنەوەی کورد لەئاستێکی بالاَ.**

**ڕێگای دووەم، پەیماننامەی هاوڕێتی لەگەڵ مۆسکۆ و سەربازگەی ئیشتیراکی کرد، پڕچەکردنی چەك و تەقەمەنی و پاڵپشتی سۆڤێتی لەخۆ گرتبوو لەهەنگاوونانی بۆ بەنیشتیمانکردنی سامانی نەوت و سنوردانان بۆ کۆنترۆڵکردنی قۆرخکاری کۆمپانیە ڕۆژئاوایەکان بەرامبەر بە سامانی عێراق.**

**سەدام حسێن بەشێوەیەکی کاتی دەستی بەردا لە کوردە جاشە کۆنەکان و مەکتەبی سیاسی کۆنی (حدك)، هەموویانی لەکارەکانیان دەرکرد و موچەکانیانی بڕی، ئەمەش ناچاریانی کرد لەگەڵ سەرکردەی بزوتنەوەی کورد ئاشتببنەوە و ئاشتەوایی نیشتیمانی هاتە ئاراوە، لەنێوانیاندا ( مەحمود ئاغا) خەزووری مەلا مستەفا و خاڵەکانی مەسعود لەسەروی هەمویانەوە زوبێر ئاغا، لەکاتێکدا سەرکردایەتی بزووتنەوەی کورد وەکو هاوڵاتی ئاسایی هەڵسوکەوتی لەگەڵ جاشە کۆنەکاندا دەکرد، سەرکردایەتی کورد محەمود ئاغا و کوڕەکانی جیاکردەوە و ئیمتیازاتی دارایی و پلەی باڵای پێدان و وەکو گوێخا گەڕانەوە بۆ ناوچەکەنیان بەپێی ڕژێمی فیۆداڵی کە لە پەنجاکانی سەدەی بیست کاری پێدەکرا، هەروەها هەر وەك سەرکردەی پێشمەرگە و پاڵپشتیکردنی جێگرتنەوەی مەسعود لەشوێن باوکی.**

**ئەمەش وای لە جاشە کۆنەکان کرد گومان لەو دوو فاقیە بکەن کە سەرکردایەتی مەلا مستەفا بەکاری دەهێنا لەگەڵیاندا.**

**مەلا مستەفا هەستی بەوەکرد کە ئەو زۆر گرنگە بەلای جەماوەرەوە و ڕێزێکی زۆری هەیە لە دوای بەیاننامەی ئازارەوە، ئازادە لەوەی هەرچ هەنگاوێك بنێت، نەپەیوەستە بە دەستوری حزبەوە و نە بە بەهاکانی شۆڕشەوە، نە بەو بەڵێنانەی دابووی بە هاوڕیانی چەکدارە کۆنەکان.**

**لەدەستدانی بەرگری پێوە دیاربوو بەرامبەر سۆزی بنەماڵەیی کە پاڵی پێوەنا بۆ لەئەستۆگرتنی پرۆژەی بنەماڵەیی روخێنەر، ئەگەر بێت و پێویست بکات ئەوپەڕی توندوتیژیش بەکار دەهێنێت بۆ ئەو مەبەستە، ناوبانگی کەسایەتی و چەوساندنەوەی هاوڕێیانی چەك و بەها نەتەوایەتی و نیشتیمانیەکانی بەتەواوەتی دابووە لاوە.**

**لەراستیدا ئەو پرۆژەیە پێشەنگ بوو لای ئەو لەهەموو تەمەنیدا، ئەمەش لەخاڵی وەرچەرخانی مێژووییدا رەنگی دایەوە لە بەهێزکردنی نفوزی جاشەکان و گرنگیپێدانیان لەناو سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێکخراوەیی ئەخلاقی بارزانی داڕما و بەهەموو جۆرێك دژایەتی ئەو رەوشتانەیان دەکرد.**

**ئاسەواری پرۆژەکەی مەلا مستەفا لە مەودایەکی دوور زیاتر بە روونی دەرکەوت، دوای ئەوەی مەسعودی کوڕی دەستی بەسەر هەموو سەرچاوەکانی دەسەڵاتدا گرت و هاوکاریەکی پتەوی لەگەڵ سەدام حسێن بەست، لەهەموو ئاستە سەربازی و ئابوری و سیاسی و ئەمنیەکاندا، سەدام حسێن ساڵی 1996 بە زرێپۆشەکانیەوە بەهەڵەداوان چوو بەفریایەوە و دەستی بەسەر هەولێردا گرت و کلیلی شارەکەی بەدیاری دایە دەستی و تاکو روخان و لەناوچوونی دەستی لەگەڵ دەستی ئەو دیکتاتۆرە تێکەڵ کردبوو، پێشوازی لە زۆرێك لە تاوانبارەکانی رژێمی بەعس کرد و لەهەولێر داڵدەی داوون تاکو ئەمرۆش.**

**لابردنی بەربەستەکانی بەردەم پرۆژەکە پێش جێبەجێکردنی پرۆژەی میرات بەرەی کوردستانی تاڕادەیەك یەکبوون، ئەمەش یەکێك بوو لە داواکاریەکان بۆ بەرگریکردن لە هێرشی سەربازگەی دووژمن بۆ سەر کوردستان، کە پێکهاتبوون لە هەزارەها جاشی کورد لەپاڵ سوپای عێراقی.**

**لەداوی ئەوەی مەلا مستەفا دەستیکرد بە جێبەجێکردنی برۆژەی میرات، درا لە ناوەڕۆکی ئەو یەکبوونە، مەلا مستەفا سوربوو لەسەر سەپاندنی مەسعود بەسەر (حدك) دا پێی خۆشبێت یان ناخۆشبێت و بە زەبری هێز و فێڵبازی سەپاندی بەسەر بەرزاندا، بە پاڵپشتی زوبێری خاڵی دوای دابینکردنی هێزی پێویست، حزبیکرد بەداردەستی خۆیی و بە ئارەزووی خۆی دەیجولاند و دەستیگرت بەسەر هەموو دەسەڵاتە سیاسی و توانا دارایی و سەربازیەکاندا و گواستیانیەوە بۆ بارەگای تایبەتی خۆیی (بارەگای بارزانی پێکهاتووە لە مەلا مستەفا–ئیدریس–مەسعود).**

دکتۆر مەحمود عوسمان دەڵێت کە ئاگاداری بابەتە شاراوەکانە:

سەرکردایەتی (کە بەهیچ جۆرێك بڕوای بەحزبایەتی نیە) لە دوای بەیاننامەی ئازار راستەوخۆ دەستی بەفراوانکردنی نفوزی خۆیی کرد "بۆ ناو حزب چونکە دەیزانی رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لەم قۆناغەدا" ئەوەش بە سەپاندنی هەندێك ئەندام بەسەریدا، ئەمەش بەڕونی لە کۆنگرەی هەشتی ساڵی 1970 دەرکەوت، کە ئیدریس و مەسعود هاتنە نێو سەرکردایەتی حزبەوە و چەند ئەندامێکی تا حزبی سەپێندران بەسەر ئەم سەرکردایەتیەدا، بۆ جێبەجێکردنی ئەم بابەتەش بەشێوەیەکی ناشەرعی ژمارەیەکی زۆر ئەندامی ناحزبی خستە نێو هۆڵی کۆنگرەوە، بە جۆرێك سێ بەشی نوێنەرەکانیان پێکدەهێنا."

هەروەها لەدوای بەیاننامەی ئازارەوە تاکو کۆتایی هاتنی شۆڕش، بارەگای بارزانی لە رێگای دەزگای پاراستن و نفوزی کەسیەوە، ئەندامانی نێو حزب و سەربەخودی خۆیی دەخرانە ناو دەزگاکە تاکو لاوازی بکەن و نەتوانێت هیچ رۆڵێك بگێڕێت وەکو دەزگایەکی سەرکردە لە شۆڕشدا و دەسەلاٌتەکان چڕبونەوە لە دەستی ئەندامانی سەربازی و ئەو پاراستنانەی گوێڕایەڵی بارەگای بارزانی بوون....... بەمجۆرە رۆڵی حزبی دەبینی و ئامادەبوونیشی لە شۆڕش رۆژ بە رۆژ و لەسەر هەموو ئاستەکان لاواز دەبوو.

بەپێی ئەوەی لەدەستوردا هاتووە، رۆڵی پێشکەوتن لە پۆستە حزبییەکان کۆتایی هات، سەرۆکی حزب خۆی پیاوەکانی خۆی دادەمەزراند و بەئارەزوی خۆیشی هەرچ کەسێکی مەبەست بوایە دەری دەکرد، بەمجۆرەش خزمایەتی و مەحسوبیەت بەربلاٌو بوو.

کاتێکیش لە بەهاری ساڵی 1974 شەڕ دەستی پێکردەوە، دەزگای ئەمنی عێراقی هاتبووە نێو پلە و پایە هەستیاریەکانی وەك سیاسی و سەربازی سەر بە شۆڕشی کورد، لەبەر ئەوە بەرە سەرەکیەکان بە پەلە هەرەسیان دەهێنا.

بۆ زانینی وردەکاری پاڵپشتی لە سەرکردایەتی (حدك)، تکایە بگەڕێرەوە بۆ سەرچاوەکەی پێشوو، کە شیکاریەکی بابەتیانەیە بۆ ئەو کارەساتە گەورەیەی کە پلەی یەك خودی مەلا مستەفا دروستیکرد لە رێگای زیادەڕەوی تاکڕەوانەی خۆیی و ناشایستەبوونی و راکردنی لە بەرپرسیارێتی.

پرۆژە نهێنیەکە، پرۆژەی مەلا مستەفا و ئیدریس نەبوو، چونکە ئیدریس پرۆژەکەی بە روخێنەر ناوبرد و بەفاکتەرێکی گرنگی دانابوو بۆ روخاندنی بزووتنەوەی کورد.

هەروەها پرۆژەی مەلا مستەفا و عوبەیدەالله و لوقمان نەبوو.

هەروەها پرۆژەی مەلا مستەفا و عوسمان (کوڕی شێخ بارزان) نەبوو بەڵکو عوسمان دژی وەستایەوە.

پرۆژەکە پرۆژەی مەلا مستەفا و حەسۆ میرخانی دۆڵەمەڕی و حاجکی جەمی و حەسن خاڵ حەمزە و یان سەرکردەکانی تر لە هاوڕێیانی چەکدارە کۆنەکان نەبوو، تەنانەت پرۆژەی سەرکردایەتی حزبی پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزانیەکانی تریش نەبوو.

پرۆژەکە بە دیاری کراوی پرۆژەی مەلا مستەفا و مەسعود و مەحمود ئاغا زێباری و زوبێر ئاغای کوڕی و براکانی بوو، پرۆژەکە پەیوەندی بەخێزانەکەیەوە هەبوو لە دواهەمین ژنی، بیانۆکە زۆر روون بوو، مەلا مستەفا گەیشتۆتە تەمەنی پیری و ناکرێت چاوەڕێ بکات پرۆسەی میرات لەدوای رۆشتنی بسەپێنرێ! دەبێت تا لەژیاندا ماوە جێبەجێی بکات، هەموو شتێك بەزۆر و لەژێر فشاردابوو هیچ بواری چاوەڕێ کردنی تیا نەبوو.

سەرەڕای بەربەستە گەورەکان و نەبونی لۆژیك و شەرعیەت، مەلا مستەفا پرۆژە سۆزداریەکەی پەسەند کرد، هەموو هێزێکی خۆی کۆکردەوە بۆ لابردنی هەموو بەربەستەکان، ئەگەر باجەکەی هەرچیەکیش بێت! پرۆژەکەش جێگای جێبەجێکردن نەبوو، تەنها لەرێگای پێچ و پەنا و چەوەشەکاری و رەشبگیری و توندوتیژی و درۆو و تاوانکاریەوە نەبێت.

پرۆژەکە پاڵپشتی جەماوەری نەبوو، نەدەکرا بەدیبهێنرێت، تەنها بە داماڵینی هەموو بەها نیشتیمانی و نەتەوایەتی و مرۆڤایەتیەکان نەبێت و هەروەها بەبەکارهێنانی هێز بۆ سەپاندنی ئەمری واقیع و خزان بەرەو جاشایەتیەکی زیاتر.
هەموو ئامادەییەکی خۆیی دەربڕی بۆ بینینی ئەم ڕۆڵە، سەرەڕای ئەنجامە نەرێنیە مەترسیدارەکانی بۆ ماوەیەکی دوور مەودا و درێژ، یەکەم هەنگاویش خۆی لە لابردنی بەربەستەکان دەبینیەوە بەهەرچ نرخێك بێت.

**لەناوبردنی هێمای شۆڕشگێڕانە**

ئەگەر بێت و ئینتیمای شۆڕش و بەهای دادپەروەری ڕەگی لەناخیدا دابکوتیایە، ئەم گۆڕانکاریە بنەڕەتیە روونە لە خودی مەلا مستەفا ئەستەم دەبوو، بە ووشەیەکی روونتر سەرکردەیەکی بەباوەر و پتە و جێگیر نەبوو، جیاوازیەکی گەورە هەیە لەنێوان ئەوەی شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە بیت، لەگەڵ ئەوەی واخۆت دەربخەیت لە ڕێگای چەواشەکاریەوە کە تۆ کەسێکی شۆڕشگێڕیت!
لەڕاستیدا ئەوەی چاودێری گەشتی ژیانی بکات بۆی دەردەکەوێت، بەپێی داواکاری و پێویستیەکان هەڵوێستی وەردەگرت، هەرچ کاتێکیش بەرژەوەندی خۆیی بیخواستایە بڕیاری دەدا و دەستی لەو هەڵوێستانەی هەڵدەگرت، پەیوەست نەبووە بەهیچ بنەمایەکی ئەخلاقیەوە، لەبەر ئەوە هیچ بەلایەوە گران نەبوو بەپێچەوانەی ئەوەی دوێنێ داوای کردوە هەڵسوکەوت بکات، واخۆ دەرخستن کە زاهید و لە خوا ترسە، ڕێگریان لێی نەدەکرد لە کۆکردنەوەی ملیونە ها دۆلار لەناوماڵەکەی، هەروەها پیرۆزکردنی بارزان بەرواڵەت ڕێگری لێ نەدەکرد بۆ پەراش کردنی و ناچارکردنی خەڵکەکەی پەنا بۆ ڕژێمی سەدام حسێن ببەن، هەر وەکو بەبەڵگەش هەیە هەموو نێرەکانیان لە ساڵی 1983 لەناوبراوون.

واخۆ دەرخستن کە کەسێکی شۆڕشگێڕە، ڕێگری لێ نەکردوە لەوەی سولەیمان موعینی ئەندامی مەکتەبی سیاسی (حدك) ئێران لە 1968/5/15 بکوژێت و تەرمەکەی ڕادەستی ساڤاکی ئێران بکات، "ژمارەی ئەندامانی (حدك)ی ئێرانی چل شەڕڤانی تێپەڕکردبوو، هەر هەموویان لەلایان پیاوانی بارزانیەوە یان کوژران یان دەستگیرکران یان ڕادەستی دەسەڵاتدارانی ئێران کرانەوە".

سەرکردایەتی بزووتنەوەی کورد کە خودی مەلا مستەفا نوێنەرایەتی دەکرد، پارێزراو نەبوو بەڵکو تەنرابوو بە خیانەتی پرسی کورد وسنور نەبەزاندنی قەدەغەکراوەکانی نەتەوایەتی ونیشتیمانی یان تیرۆرکردنی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان لەبەشەکانی دیکەی کوردستان یان بەشداری لە بەکرێگیراوی بۆ دەوڵەتێکی بیانی.
سەرکردە کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان کە ڕۆشتبوون بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان، متمانەیان بە دەستپاکی سەرکردایەتی مەلا مستەفا هەبوو، هیچ گومانیەکیان لە لایانە تاریکەکانی کەسایەتیەکەی نەبوو.
ئەوان نەیان دەتوانی لەوە تێبگەن کە ئەوەی بەسەر ئەحمەد تۆفیقی هات سکرتێری مەکتەبی سیاسی (حدك) ئێران ، بەناچاری ڕایکرد بۆ بەغدا و دواتر ڕژێمی بەعس کوشتی.
"ئەحمەد تۆفیق سکرتێری (حدك)ی ئێران، کەس ناتوانێت نکۆڵی ئەوە بکات کە خزمەتگوزاریەکی مەزنی پێشکەشکردووە و یەکەم کەس بووە ڕۆژنامەنووسێکی ئەمریکی لە بەیروتەوە هێناوە بۆ سەربازگەکانی شۆڕش و خودی خۆی بەشداری لە شەڕدا کردووە، سەرکردایەتی مەلا مستەفا دەریان کرد تاکو لەبەغدا کوژرا".
لە 1971/6/6 سەعید ئیلجی سەرکردە لە (حدك– کوردستانی باکور لەگەڵ دووان لە هاوڕێیانی بە تێوەگلانی سەرکردایەتی (حدك–عێراق) کوژران، پاشان دکتۆر شڤان کە لای زۆربەی کەس بە گوێرەی گیڤارای کوردستان بوو لەگەڵ دوان لە هاوڕێیانی سەرکردە بە فەرمانی مەلا

مستەفا لە 26–11–1971 کوژران و تەرمەکانیان شاردرانەوە، ئەمەش جێگای خۆشحاڵی ساڤاکی ئێرانی و میتی تورکی بوو.

کوردستانی ئازادکراو بوو بە گۆڕستانێکی نادیار و ژمارەیەك لە گرنگترین پاڵەوانەکانی بزووتنەوەی ئازادی خوازی کوردیان تیادا نێژران و خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی باکوری تورکیا تووشی ئیفلیجی بوو، بەهۆی ئەو تیرۆرانەوە کە بەفەرمان لە سەرکردایەتی مەلا مستەفاوە ئەنجام دەدران.
پاشان جەمیل مەحۆ سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردی لە لوبنان لەکاتی سەردانی کردنی بۆ کوردستان دەستگیر کرا خرایە زیندانەوە بە تۆمەتی پەیوەندیکردن بە عوبەیدەالله و رەتکردنەوەی مەرجەکانی سەرکردایەتی (حدك) لەو گۆڕانکاریانەی لە سەرکردایەتی حزبی دیموکراتی کوردی لە لوبنان کرا، رووبەڕووی سوکایەتیکردن و ئەشکەنجەدان بۆیەوە .لەلایان خودی مەلا مستەفاوە، بانگیکرد بێتە بەردەمی و هیچ بواری ئەوەشی نەدا داکۆکی لەخۆی بکات، لە تورەییدا کۆنترۆڵی لە دەستدابوو، تێر جوێنی پێیدا و سوکایەتی پێکرد و هەڕەشەی کوشتنیشی لێکرد بە تۆمەتی ناپاکی گەورە و بەبێ هیچ بەڵگەیەك خرایە زیندانەوە.
ترسێکی گەورە هەبوو لەوەی لە پێکهێنانی هاوپەیمانیەکی بەرفراوان لەگەڵ عوبەیدەالله بۆ تێکدانی پرۆژەی میرات لە بنەڕەتەوە، ئیدریس بە راشکاوانە بە جەمیل محۆی وت:
"ئێمە ئەترسین تۆ ئازاد بکەین چونکە دژ بە ئێمە لەگەڵ عوبێدەالله دژی ئێمە کاردەکەن".
ئەم ترسەلە خۆدی خودی مەلا مستەفا دابو، دوای دوو هەفتە خێزانی محەمەد ئاغا مێرگە سوری کۆمەڵکوژ کرد و بیری لەکوشتنی چەند کەسێکی تریش دەکردەوە، جەمیل مەحۆ دوای ئەوەی چوار ساڵ لە زیندان مایەوە و رووبەڕووی ئەشکەنجەدان و سوکایەتی بۆیەوە، داوای لێکرد و وتی:
" ئەگەر بتوانیت عوبێدەالله ی کوڕم بکوژیت، من ئامادەیی تەواوم تیایە هەرچ برە پارەیەك داوای بکەیت پێتی بدەم".
جەمیل مەحۆ هیچ وەڵامی نەدایەوە و شۆك بوو.
با بگەڕێینەوە بۆ پرۆژەی میرات، زۆربەی کات دەستنیشانکردنی ئامانجەکان بڕیار دەدات لە دەستنیشانکردنی ئامڕازەکانی گەیشتن بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە.
ئامانجی مەلا مستەفا روون بوو ( نەهێشتنی رق لە لە بیرەوەری کورد بەرامبەر بە سەرۆك جاشەکان) یان ( گێڕانەوەی متمانە بۆیان) و پەسەندکردنیان وەکو سەرۆك و سەرکردە گوێڕایەڵیان بن، بێگومان ئەمە هەڵوێستەش پێویستی بەوەیە دژ بە بە هاکانی بیروزی کۆمەڵگا بوەستیتەوە، ئەمەش ئەستەمە بەدیهێنانی تەنها بەلێدانی کلتوری دژ بە جاشەکان نەبێت، لێرەدا کەوتە ململانیەکی قوڵەوە لەگەڵ گەلەکەیدا بۆ روخاندنی بەرەی ناوخۆ، زیاتر پشتی بە دەروە بەست بە تایبەتی سێگۆشەی ساڤاك و موساد و سی ئای ئەی، بەبێ ئەوەی گوێ بە ئازار و گلەیی گەلەکەی بدات، بەگشتی پشتی بەست بە یارمەتیەکانی دەروە و ئیشی لەسەر ئەوە دەکرد کە ولاتە کۆمەك بەخشەکان لەخۆی رازی بکات، سەرکردایەتی حدك هەردوو هێزی پێشمەرگە و جاشی لەخۆ گرتبوو کە دوو هێزی دژ بەیەکن، ئەوەی سەیرە زۆربەی حزبە کوردیەکانی دیکە کە دوای ئەوە دەرکەوتن هەڵوێستی دژ بەیەکیان هەبوو، پێشمەرگە جاش گەندەڵی بەرنگاربونەوەی گەندەڵی، ئەم حزبانە بەهێز نەبوون لە شۆڕش و بنەماکان بەرامبەر بە بەهای ستەم و گەندەڵی و جاشایەتی، کاتێك سەرکردایەتی حدك لێکتێگەیشتنی هەبوو لەگەڵ رژێمی شاە دواتر لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران هەڵوێستەکانی دژی بزووتنەوەی کورد بوو لە کوردستانی ئێران، دوای نزیکبونەوەی لە ئەنقەرە چووە جەنگەوە دژ بە پارتی کرێکارانی کوردستان و بزووتنەوەی ئازادی نیشتیمانی لە رۆژ ئاڤا و تاکو ئێستاش، کاتێکیش تێگەیشتنی لەگەڵ رژێمی سەدام حسێن هەبوو دژایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و ئۆپۆزسیۆنی عێراقی (کۆنگرەی نیشتیمانی عێراقی) کرد بە سەرۆکایەتی ئەحمەد چەلەبی، ئەمە بێجگەلە بەیاساکردنی دزی ماڵی گشتی و جێگیرکردنی رێکخراوی گەندەڵی و بەربلاوکردنەوەی بە کۆمەڵگادا.

**هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ گەلی کورد:**

**لەم ساڵانەی دواییدا تیرۆری دژ بەگەل بەکارهێنا هەروەها دژ بە ئەندامانی هێزی نیشتیمانی عێراقی کە لەکوردستاندا بوو بەشێوەیەك کە دژ بە بەرژەوەندی گەلی کورد بوو، وەك تیرۆرکردنی 12 شیوعی لە رێکخراوەکانی لیژنەی ناوەندی و دووان لە سەرکردایەتی ناوەندی لەلایان سەرکردەی هێزی زاخۆ و بە ئاگاداری سەرکردایەتی بارزانی، هەروەها تیرۆرکردنی مەجید رۆستەم و محەمەد حاجی ئیبراهیم و هەشت کەسی تر بەیەکەوە لە ناوچەی خەلەکان، بەبێ هیچ هۆکارێك بە فەرمانی ئەو سەرکردایەتیە، کاتێك هاتبوون بۆ چاوپێکەوتنی لەسەر داوای خۆی، هەروەها لەناوبردنی خێزانی محەمەد ئاغا مێرگە سوری بە فەرمانی بارزانی،**
**هەروەها رادەستکردنی پێنج ئەندامی سوپای رزگاری میللی لە سلێمانی بە دەسەڵاتدارانی بەغدای فاشیست کە دواتر لەسێدارەیان دان، هەروەها چەندین تاوانی هاوشێوە.**
**دەستیکرد بە وێرانکردنی سیستمی بەها کۆمەڵایتیەکان و بەکارهێنانی پارە و پلەو پایە و هێز و چەواشەکاری بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، پەسەندکردنی جاشەکانی وەکو سەرکردە دەیانی سەپاند بەسەریاندا، هەر بەمەوە نەوەستا بەڵکو سەپاندی بەسەر سەرکردە پێشمەرگەکاندا کە گوێڕایڵی جاشەکان بن کە بۆ ماوەی ساڵانێکی دوورودرێژ دەجەنگان لەدژیان، هەروەها ناچاریانیکرد کە گوێڕایەڵی خاڵی مەسعود بن کە جاش بوو، ئەو خزمایەتی پێش هەموو شتێك خستبوو، سەرکردەیەکی پێشمەرکە دادەچەمێتەوە بۆ سەرکردەیەکی جاش.**

**کلتورێکی نوێی بەرهەم هێنا، بەبۆچونی من ئێستا بەربڵاوە لە کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان/عێراق، دوو کلتوری کە شۆڕشگێڕ و جاش تێکەڵ دەکات، لەروی پراکتیکیشەوە رەوشتە جاشەکە لەپێشترە، لەگەڵ دەستگرتن بە گوتاری شۆڕشگێڕانە لە راگەیاندنەکانی حزب و حکومەت، ئەم کلتورە کە لەرووبەرێکی فراوان بەربڵاوە بە پلەی یەك بەرپرسە لە گەندەڵی و دزیی و بەکرێگیراوی حزب و حکومەتی هەرێم بۆ هەندێك لە وڵاتەکان.**
**دەبێت بەها رەمزیەکانی ئەو کەسانە وێران بکرێن کە پەیوەستن بە رۆحی بەرخۆدان و نیشتیمان پەروەری راستگۆیانە و پیاوەتی و کەرامەت، بەتاڵکردنی کۆمەڵگا لەم بنەمایانە و لەجێی ئەوانە بە بەهای جاشەکان ئاشنایان بکەن و بیان کەن بە بەندەی دۆلار، زوبێر ئاغای سەرۆك جاشەکان خرایە شوێنی حەسۆ میرخان دوڵمەڕی سەرکردەی پێشمەرگە و یەکێك بوو لەو کەسانەی رۆشت بۆ روسیا، واتا زوبێری خستە پێش حەسۆ، هەوڵیدا گوێڕایەڵی بێت تاکو ببێت بە نمونە بۆ سەرکردەکانی تریش بەمەبەستی دەستهەڵگرتن لە رۆحی شۆڕشگێڕی و بەهای کەرامەت و شۆڕشکردن و تێکۆشان دژ بە ستەم و ملکەچبوون.**

**ناچارکردنی حەسۆ کە فەرمان لە زوبێر وەربگرێت لەبەر ئەوەی خاڵی مەسعودە واتای وێرانکردنی بەها رەمزیەکان و مەعنەویەکانی حەسۆ بوو، هەروەها وێرانکردنی بنەمای شۆڕش بۆ گەلێك کە ململانیەکی خوێناوی دەکات لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانی وەکو گەلێك لە نیشتیمانە مێژوویەکەیدا دەژی، هەمان دیدی بەسەر عوسمان شێخ ئەحمەد و عوبێدەالله و لوقمانی کوڕی و کۆمەڵێك دیکەی کەسایەتی ناسراو سەپاند، کاتێك کە سەرشۆڕیان رەتکردەوە، دژایەتی کردن تەنگی پێ هەڵچنین ئەوانیش یان رایان کرد یان کوژران، بەڵام هەتا کۆتایی دژایەتی بەهای شۆڕش و بەها نیشتیمانیەکانی دەکرد، ئەو دەیزانی ناتوانێت هەموو شتێك بکات و کۆمەڵگە پابەندە بە بەهای شۆڕشگێڕی و بەرنگاربونەوەی ستەم، لەبەر ئەوە پێویست بوو بنەما شۆڕشگێڕیەکانی کۆمەڵگا لەناو بەرێت تاکو لەو کۆتوبەندە رزگاری ببێت و ملبدەن بە جێگرتنەوەی مەسعود لەجێی باوکی، سەرەڕای باگراوندی مێژویی و پەروەردەکردنی مەسعود کە پەیوەستبوون بە جاشایەتیەوە.**

مەلا مستەفا لە دوا تەمەنیدا چووە نێو سەربازگەکەی ترەوە کە دژ بە بەهاکانی شۆڕش و بەهاکانی بارزان بوو، هیچ گوێی بەوە نەدەدا کە چی بە خۆیی و پاشەڕۆژی بزووتنەوەی کورد دەوترێت، زۆرێك لە پیاو ماقوڵان و ریش سپی و زانا هوشداری ۋئاگاداریان کردەوە کە ئەم رێگایە بەرهەمەکەی کارەساتبارە، بەلاّم خۆیی دەدزییەوە و رایدەکرد، دواتر درِندەتر بوو، هەموو رێوشوێنێکی گرتە بەر دژ بەهەرچ کەسێك رێگربوایە لە بالاّیی جاشەکان وەکو هێزێك بۆ پالّپشتی لە گرنتی میراتی دەسەلاّت و پارە بۆ مەسعودی کوڕی لەدوای مردنی، کە بۆیە هۆی شۆك و تالّی لە ناوەندی کومەڵە ی کوردا.

قازانجی ئەو کۆمپانیایەی بە رەسمی ناوی: شۆڕشی کوردی بوو لەگەڵ لقە بلاّوبووەکان لە ناوچەکانی سۆران و بادینان لەژێر ناونیشانی جۆراوجۆر وەك حزبی دیموکراتی کوردستان و لیژنەی ناوەندی و دەزگای پاراستن و پێشمەرگە و بارەگای بارزانی و زێرەڤانی و ... هتد، لەراستیدا قازانجی لە دزینی دەیان ملیۆن دۆلار زیاتر بوو، ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە کارگێڕی کۆمپانیاکە رادەستی کوڕەکەی کرا تاکو بەردەوام بێت لە قازانجکردن، ئەو قازانجانەی کوڕ بەدەستی هێنا وایلێکرد گێبرِگێ بکات لەگەڵ شێخەکانی کەنداو، کوڕ و منداڵەکانی لە ملیۆنێریەوە بوون بە ملیاردێر، ئەگەر باپیرە لە لێپیچینەوە رزگاری بوو، بەلاّم لەئێستادا کوڕ و نەوە ئامانجی رواودوونانی دادن.

لەجیاتی ئەوەی سەربازگەی پێشمەرگە بەروبومی سەرکەوتنی بدورێتەوە بەیاننامەی 11 ی ئازادری 1970– دوای شۆڕشێکی تاڵ لە روانگەی هزری شۆڕشەوە، کەوتنە دۆڕاندن و سەرکەوتنیش وون بوو بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵێك جاش، بەهۆی ئەو کودەتایەی بەسەر کەسایەتی سەرکردەکەیان هات و پشتکردنی لە بنەمای شۆڕش دەرکەوتنی رووی راستەقینەی بەلاچوونی دەمامکەکەی.

لە بارەگای مەلا مستەفاوە شاندیان نارد بۆ موسڵ کە بارەگای سەرەکی زۆربەی هێزی جاشەکان بوو کە سەر بە ناوچەکانی بادینان بوون تاکو شەرەف مەند بن بە سەردانیکردنی مەحمود ئاغا زێباری لەگەڵ دیاری و پارەدا ئیدریسی کوڕی سەرکردەی شۆڕش سەرکردایەتی شاندەکە دەکات، بەلاّم مەسعود لەپشت باوکی خۆی دەشاردەوە، ئابڕوچونێکی گەورەبوو، عەزیز عەقراویی و هەندێ کەسی تر دژی وەستانەوە، ئەویش خستینیە رووبەڕوویەکی راستەوخۆ لەگەڵ تورەبونی مەلا مستەفا و کوڕەکەی.

لەمانگی ئوغستسی 1970 سەرکردەی بزووتنەوەکە یەکەم دیاری بەنرخی چاوەڕوانکراوی پێشکەش بە مەسعودی کوڕی کرد و هێزێکی سەربازی بۆ زوبێر ئاغای خالّی پێکهێنا لە قەزای عەقرە لە خێڵی زێباری و نزیکەی هەزار چەگی بڕنەوی پێدان، بەمجۆرە جاشی دوێنێ بوو بە سەرکردەی پێشمەرگە لەنێوان شەووڕۆژێکدا، بەویستی سەرکردەی بالاّی پێشمەرگە مەلا مستەفا، حەسۆ میرخان دۆڵمەڕی سەرکردەی بەرەی عەقرە و شێخان رەتیکردەوە ملکەچ بێت بۆ فەرمانەکانی مەلا مستەفا، دەرئەنجام دانیشت.

روویەکی مەترسیدار و رەشبین بۆ هەمووان دەرکەوت، ئەو رووەی کە زۆر جار شێخ بارزان ئەحمەد هۆشداری لەسەری دا لەگەڵ دوو رۆژنامەنووسی بیانی ئەوانیش داڤید ئادمسۆنی بەریتانی و کریس کۆتجیرای فەرنسی بوون کە وتیان " دەرۆنی مەلا مستەفا شتێکی نەرێنی و روخێنەری تیایە"
ئەو رووە مەترسیدارەی کەسایەتیەکەی زۆر دەرکەوتبوو لە کۆتایی تەمەنیدا، بە تایبەتی لە سالاّنی دوای بەیاننامەی 11 ی ئازادی 1970 تا کۆتایی هاتنی بزووتنەوەی کورد لە ئازاری 1975 تا دەگاتە سالاّنی کۆتایی تەمەنی کە لەواشنتن بوو تاکو مردنی، ملیۆنەها دۆلاری کۆکردەوە، رۆژنامەنووسی میسری محەمەد حەسەنێن هەیکەل لە ئوغستسی 1975 لەکاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ شای ئێران، شا پێی دەڵێت:

**" پرۆسەی کوردستان، 300 ملیۆن دۆلاری تێچوە"**

**هەمو هاوکاریە دارایەکانی وڵاتانی کۆمەك کار راستەوخۆ دەگوازرایەوە بۆ ماڵی مەلا مستەفا و لەژێر دەستی ئەودا دەبوو، محەمەد حەسەنێن هەیکل لەتاران مەلا مستەفای دوان:**

**" تۆ سەرکردایەتی شۆڕشی کوردت کردوە بە لۆژیکی خێڵەکی فیۆدالی تاکو قاسەی شۆڕشی کورد بوون بە سندوقی پڕ لە پارە و لەژێر دەستی کوڕە بچوکەکەت بوون ... تەنها بە فەرمانی تۆ خەرجی دەکرد، وەك ئەوەی بڵێی خەرجکردن لەپێناو شۆڕشدا پرسێکی بنەماڵەییە یان پرسێکی شەخسیە".**

**بەداخەوە بە توڕەیەوە رووبەڕووی هەیکەل بۆیەوە و ئەویش دەستی لەم بابەتە هەستیارە هەڵگرت.**

**دواتر بیری لەوەکردەوە بەهاکانی بارزان برۆخێنێت و پێکهاتەی کۆمەڵگا بشێوێنێت لە دوای مردنی شێخی بارزان (ئەحمەد) راستەوخۆ تاکو بتوانێت پرۆژەی میراتگری جێبەجێ بکات و هەڕەشەی کوشتنی نزیکەی پەنجا کەسی دەکرد لە کەسایەتیەکانی تەریقەت کە لەلایان شێخ بارزانەوە ئیجازەیان وەرگرتبوو بەبیانووی ئەوەی ناپاکن، بەڵام محەمەد خالد و عوسمانی کوڕی شێخ بارزان دژ بە بیرۆکەکەی بوون، لەدوای بەیاننامەی ئازاری 1970 کاتی کەم بەدەستەوە بوو بۆ کەرەنتی جێبەجێکردنی پرۆژەی میراتگری و دەستیکرد بەیەکلایی کردنەوە لە ماڵەکەی خۆیی و عوبێدەالله ی کوڕی خۆی دەرکرد بە بیانووی ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ رژێمی بەعس بەستوە و ئەویش رۆیشت بۆ بارزان، دواتر هەڕەشەی ئەوەی کرد بارزان داگیر دەکات ئەگەر کوڕەکەی لەوێ نەڕوات، کوڕەکەی خۆی راونا تاکو رایکرد بۆ بەغدا.**

**سەبارەت بە سەرۆکایەتی عوسمان و داماڵینی لە هەموو دەسەڵاتەکان، مەلا مستەفا سەرکردایەتیەکی هاوشانی ئەوی پێکهێنا کە پێکهاتبوون لە ژمارەیەك لە ئەندامانی خێزانەکەی، بارەگاکەی لە بلی بوو لە باشوری بارزان، بۆ ئەوەی تەڵەیەکی بۆ بنێتەوە، مەلا مستەفا داوای لە دەزگای پاراستن کرد نامەیەك بەناوی حسێن ئاغا خدر ئاغا سورچیەوە ئامادە بکەن و ئاراستەی عوسمانی بکەن ، پاراستن نامەکەی گەیاندە دەستی، عوسمان درکی بەوە نەدەکرد مامی گەیشتبێتە ئەو ئاستە لە دژایەتیکردنی، ئەویش وەڵامی نامەکەی دایەوە و سوپاسی کرد و وتی من پێویستیم بە هیچ نیە، هەر ئەو رۆژە نامەکەیان دایە دەستی مەلا مستەفا، پیلانەکەی سەرکەوتوبوو لە تێکدانی بەینی هەردۆ برا . کە لەکاتی زۆر تەنگانە دا عوسمان دەستی یارمەتی بۆ درێژکردبوو کاتێك هێزی پێشمەرگە تێکشکاوە بەرامبەر هێزەکانی جاش و سوپا و بە نهێنی چەکداری لەبارزانەوە دەنارد تاکو رووبەڕووی هێزی دوژمن ببنەوە.**

**مەلا مستەفا نامەکەی عوسمانی قۆستەوە و ناردی بۆ محەمەد خالید وەکو بەڵگەیەك کە پەیوەندی عوسمانی بە پرۆژەی جاشەوە هیە، داوا دەکات عوسمان لابدرێت و محەمەد خالید بکرێتە شوێنەکەی، چونکە عوسمان شایانی ئەوە نیە نوێنەرایەتی بارزان بکات، فیتنەی خستە نێوان دووبراوە بۆ بەدیهێنانی پرۆژە خێڵەکیەکەی، ئەمەش لەبەرژەوەندی رژێمی بەعس و جاشە کوردە کان بوو بەشێوەیەکی راستەوخۆ، دواتر خوشکەزای عوسمانی کردە سەرکردەی هێزێکی چەکدار تاکو ناکۆکی نێوان خێزانەکە قوڵتر بکات و عوسمان و کۆمەڵێکی زۆری شوێنکەوتوانی دەرکران و پەنایان برد بۆ رژێمی بەعس، شۆکێکی گەورە بوو بۆ بارزانیەکان .**

**کە خۆیان لەناو کێشمەکێشێکی ناوخۆیی بینیەوە، کە مەلا مستەفا مەبەستی بوو لەپێناو پرۆژەی میراتگری.**

**لەناوبردنی بنە ماڵە ی محەمەد ئاغا مێرگە سوری (ئازاری 1975)**

**لەناوبردنی بارزانیەکان لە ئابی 1983**

**تاکو ئێستاش ئەم بابەتە لە دیدی من چارەسەر و بنبڕنەکراوە، سەرەڕای ئەوەی زۆرێك لەسەریان نووسیوە، بەتایبەتی کەسوکاری قوربانیان ناچارکراوون کە بێدەنگی هەڵبژێرن، لە پرسی یەکەمدا تاوانکاران ئەو ناوچەیە کۆنترۆڵ دەکەن کە تاوانەکەی بەخۆیەوە بینیوە، لەتاوانی دووەمیشدا (قوشتەپە) سەدام حسێن جلەوی دەسەلاتی بەدەستەوە بوو لە بەغدا و لەگەڵ تاوانکارانی تاوانەکەی یەکەمدا هاوپەیمانی بەستبوو تاکو ساڵی 2003 و تاوانکارانیش تاکو ئەمڕۆش کە لەسەرەتای 2024 ین دەسەلاتدارن، هەر وەك ئاشکرایە کڕینی ویژدان و هەڕشە دژ بە کەسوکاری قوربانیان بەکارهێنراوە تاکو بەتەواوەتی بێدەنگ بن ئەگەر نا پەشیمانی دادیان نادات.**

**پەیوەندیەکی ئۆرگانیك هەیە لەنێوان هەردوو تاوانی کۆمەڵکوژی ساڵی 1975، تاوانکارەکە سەرکردایەتی حدك بوو ئەوەی دووەم 1983 تاوانکارەکە سەدام حسێن بوو، ئەوەی دووەم پەیوەندی بەوەی یەکەمەوە هەیە، ئەو زنجیرە رووداوانەی سەرکردایەتی مەلا مستەفا دەستیپێکرد لەماوەی چوار ساڵدا بۆ بەدیهێنانی پرۆژەی میرات، دەرگای کردەوە لەسەر دروستبونی روداوەکان و دەرچونیان لەژێر کۆنترۆڵ. لێرە دەگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکان بۆ رونکردنەوەی وێنەی گشتی، ئەمەش پێویستی بەوەیە بزانین چی لە مێشکی مەلا مستەفا سەرکردەی باڵای پێشمەرگە و سەرۆکی حزب و حاکمی کوردستانی رزگارکراودا بوە، لە رێگای هەنگاو و هەڵوێست و پیلانە نهێنیەکانی کە بە دروشمی نەتەوایەتی داپۆشرابوو.**

**لێرە دەبێت ژمارەیەك پرسیار بکەین، دواتر دەتوانین وەڵامیان بدەینەوە کاتێك لایانە شاراوەکانی روندەبێتەوە کە تاکو ئەمڕۆش بێدەنگی لێکراوە، ئەوەی جێگای سەرنجە تاوانەکە لە ئازاری ساڵی 1975 لەدوای شکستی سەرکردایەتی کورد راستەوخۆ ئەنجامدراوە، ئەو پرسیارەی بە مێشکماندا دێت ئەوەیە، دوای ئەوەی سەرکردایەتی کورد بڕیاریدا رابکات بۆ ئێران و بزووتنەوەی کورد تەسفیە بکات و چەك دابنێت هیچ شتێکیشی نەما لە کوردستان بەرگری لێبکات، بۆچی لەم کاتەدا مەلا مستەفا فەرمانیکرد بە تەسفیەکردنی ئەو کەسانەی ماون لە خێزانی محەمەد ئاغا مێرگە سوری؟ واتا لەناوبردنی هەموو نێرەکان؟ بۆچی رەشید و ئەسعەدی کوڕی محەمەد ئاغای لەناوبرد لەکاتێکدا هیچ پەیوەندیان بەسیاسیەتەوە نەبوە؟ محەمەد ئاغا خودی خۆیشی لەسەر جێگای نەخۆشی بوو هیچ هەڕەشەیەکی بۆ مەلا مستەفا دروست نەکردبوو، کوژرا و لەگەڵ ئەو پاڵتۆیەی نێژرا کە مەلا مستەفا بۆی کردبوو بە دیاری، بێئاگا لەوەی کە پاڵتۆ دیاریەکەی دەبێت بە کفنی.**

**هەمین خانمی دایکی فاخر ئەو کاتە ناسی کە دەڕۆشت بۆ گەڕان بەدوای قوربانیانی تاوانی زیندانی رایات بەنزیکەی دوو هەفتە دوای 26 ی ئازاری 1975، کەوتە دوای ئاسەواری خۆڵێکی هەڵکەنراو لەنزیك رووبارێك، دواتر شوێنەکەیان هەڵکەند و تەرمەکان دەرکەوتن.**

**بۆچی هەموانی لەناودا و کەسی نەهێشتەوە؟ کاتێك بڕیاری کوشتن درا، بێگومان دەبێت پاڵنەرێکی زۆر بەهێز هەبێت، ئایا لە خودی خۆیان دەترسا؟ یان هەستی بەمەترسیەك دەکرد؟ هەموو چارەسەرەکانی دیکەی جێبەجێکرد؟ ئایا بیری لە چارەنووسی منداڵە هەتیوەکان و ژنە بێوەژنەکان و کچە بێکەسەکان کردەوە، کە ژمارەیان لە شەست مرۆڤ زیاتر بوون؟ یان هەر بەتەبیعەت کوشت و بڕیوە و واتای بەزەیی نەزانیوە تەنانەت ئەگەر خزمی نزیکی خۆیشی بوبێتن؟ ئایا ئەوە پێویست بووە بۆ بەدیهێنانی پرۆژەی میرات، پێویست بە باجە گەورەیە دەکات؟ ئایا پاڵنەرەکە خزمەتی ئامانجە نیشتیمانیەکان بووە؟ یان پرۆژەیەکی شەخسی و بنەماڵەیی بووە؟**

ماوەیەکی زۆر بوو خۆی بۆ ئامادە کردبوو، هەموو وزەی خۆیی کۆکردبۆوە، لەگەڵ سووربون و رووبەڕووبونەوەی هەمو رێگریەکان، باجەکەی هەرچیەکیش بێت لەپێناو بە دیهێنانی پرۆژەکە! پرۆسەی کۆمەڵکوژی خێزانی محەمەد ئاغا مێرگە سوری تەنها بەشێك بوو لە پرۆژەیەکی قەبە وەکو بەکورتی لەم ووتارە باسمان کرد.

لە 14 ی شوباتی 1971 دوزگای پاراستن جەمیلی گەنجیان لە هەولێر تیرۆر کرد، کە کوڕی محەمەد ئاغا مێرگە سوری بوو، مەلا مستەفا ئیدریس و مەسعودی کوڕی بە نوێنەرایەتی خۆی نارد بۆ پێشکەشکردنی پرسە و سەرەخۆشی بۆ خاڵۆی محەمەد ئاغا، ئەوان لەهەموو باوەڕێکدا بوون کە پرۆسەی تیرۆرکردنەکە بە شێوەیەکی نهێنی تۆکمە جێبەجێکراوە و هەرگیز ئاشکرا نابن، بەڵێنیان بە باوکەکەدا ئەوەی لەدەستیان بێت دەیکەن بۆ ئاشکراکردنی تاوانبارەکە و سزا دانی.

بە رێکەوت لە رێگادابووم بۆ هەولێر، کاتێك کە زانیم ئەو ئۆتۆمبێلەی بەجێمان هێشت فاخر مێرگە سوری تیدابو، وەستاین و فاخریش وەستا، بڕیارماندا ماوەیەك بەپێی رێبکەین لەنێوان شەقڵاوە و سەلاحەدین و ئۆتۆمبێلەکانیشمان بە ئاسپایی بەدوامانەوە بن، فاخر زۆر بێزار بوو لە کوشتنی جەمیلی برای، هەروەها پێشوازیکردنی مەلا مستەفا لە مەحمود ئاغا زێباری و کوڕەکانی و بەڕێوەبردنی ناوەندی سەربازی سەرکردایەتی گرنگ لە ناوچەی عەقرە و شێخان بەهەمان شێوە جێگای بێزاری و قبوڵکردن نەبوو.

فاخر بازنەیەکی بەرفراوانی هاوڕێی هەبوو، بۆیان ئاشکرا کرد کە رۆڵی دەزگای پاراستن چی بووە لە کوشتنی براکەیی و بکوژەکەش ناوی حەمە رەئوفە، سەعیدی برای فاخر تۆڵەی کوشتنی جەمیلی کردەوە، پێویست بوو هەموو شتێك لێرەدا کۆتایی پێبهێنرێت، بەڵام مەلا مستەفا ئەمەی رەتکردەوە و سەعیدی دەستگیرکرد و دەستبەجێ لەگەڵ خەلیلدا کوژرا و تەرمەکانیشیان بەپێچەوانەی هەموو نەریتەکان رادەستنەکرایەوە، فاخریش دەستگیر کرا کە ئەندامی لیژنەی ناوەندی حدك بوو، دواتر هەموو ئەندامانی خێزانەکە بەبێ جیاوازی هاوشێوەی بەعس دەستگیرکران، لێرەدا دەقی نووسینەکەی عیسمەت شەریف فانلی دادەنێین کەلەسەر هۆکارەکانی هەرەسهێنانی بزووتنەوەی کورد نوسیوێتی و ئاماژە بە کوشتنی فاخر دەکات:

" هەواڵگری سەر بە پاراستن فاخر مێرگە سوریان لە سێدارەدا، کە کوردێکی شیوعی بوو تاوانبارکرابوو بە پەیوەندی بەستن بە هەواڵگری بەعسەوە، کە گرنگترین جەنگی قازانج کرد کە شۆڕش بەدیهێنابێت، قارەمانی جەنگی هەندرێن لە مایۆی 1966، بەبێ هیچ دادگایی کردنێك خۆیی و ئەندامانی خێزانەکەی لە سێدارەدران، بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەك پیشکەش بە دادگای شۆڕش بکەن کە ناپاکی کردووە".

فاخر کوژرا بەبێ ئەوەی رابگەیەنرێت، شوێنی ناشتنەکەشی شاردرایەوە، هەمین خانمی دایکی بەهەموو توانایەکێوە هەوڵیدا چارەنووسی منداڵەکانی بزانێت بەڵام بێ هودە بوو، لەدوای حەوت گەشتکردن بۆ بارەگای مەلا مستەفا، نەیتوانی نە مەلا مستەفا و نە هیچ کام لە کوڕەکانی ببینێت، لەلایان پاسەوانەکانەوە یان دەردەکرا یان سوکایەتی پێدەکرا، بەڵام کۆڵی نەدا، هەر بە ئازایی ئەویش لەدوای هەرەسهێنانی بزووتنەوەی کورد تەرمی محەمەد ئاغای هاوسەری و ژمارەیەکی دیکە دۆزرانەوە، بەڵام تا ئەمڕۆش شوێنی ناشتنی فاخر بەنهێنی ماوەتەوە، مەسعود ئاشکرای ناکات.

دیارترین تایبەتمەندی لە هەڵسوکەوتی مەلا مستەفا لەکۆتایی تەمەنیدا، بەشێوەیەکی بەرچاو توندوتیژ بوو فەرماتی تیرۆرکردنی زۆر بوو زۆربەشی دژی بارزانیەکان و هێزە چەپە کورد و عێراقیەکان بوو بە شێوەیەکی گشتی، حزبەکەی وێران کرد و وابەستەیی و جێبەجێکردنی

فەرمانەکانی بەسەریدا سەپاند، هەروەها جاشی سەپاند  بەسەر ڕێکخراوی پێشمەرگە لە کەرتی عەقرە و شێخان و کەرتی ڕانیە و شۆڕشی لە ناوەڕۆکەکەی ڕاماڵی.

لەڕاستیدا زۆربەی هۆکارەکانی روخاندنی بزووتنەوەی کوردی ئامادە کردبوو لەبەرامبەر هاتنی هێزە عێراقیەکان کاتێك ساڵی **1974** دووبارە جەنگ دەستپێکردەوە، هەروەها لەپەیوەندیکردن نەما لەگەڵ سەربازگەی سۆزیالزم و هێزە چەپەکانی جیهانی عەرەبی، شاە پارەیەکی زۆری دەنارد و ڕاستەوخۆ دەگەیشتە سەرۆکی حزبەکە، لەکاتێکدا کە دەوڵەمەندی کەڵەکە دەبوو، شکستە سەربازیەکانیش لەبەرەکاندا زیادیان کرد، بڕیاری کۆتایی هێنان بە بزووتنەوەی کورد وەکو دانپێدانانێکی ڕوون وابوو بەشکستی سەرکردایەتی و بەرپرسیاریەتی ڕاستەوخۆی لە دروستکردنی کارەساتێکی نیشتیمانی، دکتۆر مەحمود عوسمانیش لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا بە ئاشکرا ووتی:

" ئێمە بەردەوام نەبووین لە بەرخۆدان، چونکە سەلماندمان سەرکردایەکی شکستوخواردووین، لەکاتە ناهەموار و قورسەکاندا بەرپرسیارێتی هەڵناگرین، پارە و چەك و تەقەمەنی و زۆرێك لە جەنگاوەر و ناوچەیەکی زۆرمان بەدەستەوەبوو، دەکرا بەردەوام بین لە بەرخۆدان، بەردەوام نەبون لە بەرخۆدان بڕیاری خۆمان بوو، کەسیش ناچاری نەکردین ئەو بڕیارە بدەین، سەدامیش دانی پێدا هێنا کە سوپای عێراق تەقەمەنی پێویست نەبوو بۆ تۆپهاوێژەکانی..."

دەرئەنجامی ئەم گۆڕانکاریە کارەساتبارانە لە ئاستی سەرکردایەتی دەگەین بەم هاوکێشەیە، نەیارەکانی مەلا مستەفا، عوبێدەالله بارزانی و لوقمان و عوسمان و نەزیر بارزانی و بەهەزاران بارزانی دیکە، سەدام حسێن دەیانکوژێت.

فاخر مێرگە سوری یەکێك لە قارەمانەکانی شەڕی هەندرێن لەگەڵ هەموو براکانی و باوکیان، کە حکومەتی عێراق بە نەیاریانی دەزانی، مەلا مستەفا دەیانکوژێت!

ئەگەر بە زانین بوبێن یان نەزانین، هەردوولا خزمەتیان بەیەکتری پێشکەشکرد، هەروەها ئەم ئامادە چرەی ئەمڕۆ هەیە بۆ لایانگرانی سەدام حسێن لە هەولێر بەڵگەی قوڵی پەیوەندیەکانی هەردوولایە، ئەمانە هەرهەمووی لە خزمەتی پرۆژەی میراتەکەیە! و بەهێزکردنی ڕێگای جاشایەتیە لەسەر حیسابی دینامیزمی شۆڕش.

لە دیمەنێکی ناوازە لە جۆری لە مێژوودا، لەدوای هەموو ئەو کوشتارگانەی ڕژێمی بەعس ئەنجامیدا، سەرکردەکانی کورد ڕایانکرد بۆ بەغدا تاکو ڕوی سەدام حسێن ماچ بکەن لەدوای ڕاپەڕینی کوردستان لە ساڵی **1991**!

نەدەکرا ئەم ڕوویدات ئەگەر سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد دەستی بگرتایە بە بنەماکنی شۆڕش و بەهاکانی دادپەروەری و ڕەتکردنەوەی ستەم.